The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

# بەهێمنی و یەکگرتوویمان با سیاسەتی فاشیانەی تورکە ڕەگەزپەرستەکان تێك بشكێنین

ماوەیەکە تورکە ڕەگەزپەرستەکان لە ناوخۆی تورکیا و هاندەران کەوتوونەتە پەلاماردانی کوردان , بەمەش دەیانەوێت ڕامان بکێشنە ناو شەڕی نەتەوەیی و ناوەڕۆکی ئازادیخوازی لە بزووتنەوەکەمان دامالن .

لێرەوە بانگەوازی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان دەکەین , ئێمە گەلێکی بەرگریکەرین , خۆپیشاندان و نارەزایەتییەکانمان تەنها بۆ ئەوەیە لە لایەن سوپای تورکیای داگیرکەرەوە پەلامار نەدرێین و بە مافە نەتەوەییە سەرەتاییەکانی خۆمان شادمان بین .

ڕاکێشانمان بۆ شەڕی نەتەوەیی زیان لێکەوتووی یەکەم بزاڤە ڕزگاریخوازیەکەمان و بەرهەقی داخوازییە ڕەواکانمان دەبێت , هەڵبژاردنی هێمنی و تەسلیم نەبونمان بە شەڕی نەتەوەیی ڕوی ئازادیخوازی بزووتنەوەی جەماوەری دژ بە تورکیا و بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلی کورد دەردەخات , لە بەرامبەریشدا ڕوی ڕاسیستیانەو فاشیانەو شەڕخوازانەی تورکە ڕەگەزپەرستەکان بۆ بیروڕای جیهانی ئاشکرادەکات .

ئێمە وەك ناوەندی چاك داواکارین لە هەموو لایەك , بە تایبەت کوردانی دانیشتووی هاندەران :

- لەو وڵاتانەی تێیدا دەژێین , بەشێوەی جۆراوجۆر داوا لەو حکومەتانە بکەین لە هێرشی ڕاسیستی تورکە ڕەگەزپەرستەکان بمانپارێزن .
- لە ناو کۆمەڵگەی ئەو وڵاتانە , تورکە ڕەگەزپەرستەکان وەك هێزی ڕاسیستی بناسێنین و شەرمەزاریان بکەین .
- بەشێوەی هێمنانە لە ڕێگەی بایکۆتی ئابوورییەوە بەرەو ڕویان ببینەوە , بە فەرمی بە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن ئەو وڵاتانەی تێیدا دەژێین ڕابگەیەنین , کە بایکۆتی شمەك و کەل و پەلی تورکی دەکەین .
- بە بەرزکردنەوەی ئالای کوردستان لەسەر ماڵەکانمان بە کۆمەڵ ئینتمای خۆمان بۆ کوردستان دەربڕین .

**ناوەندی چاك**

2007-10-30

www.chak.be
chak_org@yahoo.com

تێبینی : هەر بەیان و بڵاڤۆکێك ئەم ئادرەسانەی لەسەر نەبێت , ئێمە خۆمان بە خاوەندی نازانین بەناوی چاکیشەوە دەرکرابێت .